**ســەرۆکــی هەرێمــی کوردستـان ـ عێراق**

**هەولێر**
2014/12/3

**هۆیەکانی دەرچواندن**

**لەبەر رۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ، بۆ زیاتر پێشخستن و بایەخدان بە زمانی دایك و رێزگرتنی زیاتر لەسەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .**

**بەنـاوی خوای بەخشندە و میهرەبـان**

**بەنـاوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستـان – عێراق**

**بــڕیــار**

**ژمارە ( 25 )ی ساڵی 2014**

**پشت بەستن بە حوکمی ماددە (47) وبڕگەی (أ) لە ماددەی (48)ی پێـڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو و بەنـدی (1) لـە بڕگـەی یەکـەمی مـاددەی ( پێنجەم ) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (4)ی ساڵی 2014 ، بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (6)ی رۆژی 2014/10/21ی پەرلەمانی کوردستان – عێراقدا هاتووە ، بڕیارماندا بە :-**

**یەکەم : زیادکردنی هەردوو ئەندامی پەرلەمان بەڕێزان (يعقوب گورگيس ياقو) و (ايدن معروف سليم) بۆ سەر لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران .**

**دووەم : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە لە 2014/10/21 کاری پـێ دەکـرێ و لـە رۆژنامــەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) دا بڵاودەکرێتەوە .**

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بــڕیــار**
**ژمارە** (27)**ی ساڵی** 2014

**پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (44) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (6)ی رۆژی 2014/10/21 دا ئەم بڕیارەی دا :**

**یەکەم : زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (پەروا علی حەمە) بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی .**

**دووەم : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە 2014/10/21 ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان )یشدا بڵاو دەکرێتەوە 0**